# بۆ قافڵەسالاری حەوتەوانە

من بۆ خۆم لە کوچکەڕەش
بەچاوی خۆم دیم
ودمی هەناسەی وەک هەو
دەگەڵ چووکەڵەسواری سەراپا سوور

++
من خۆم دیم
شۆرەسواری کوچکەڕەش
لەسەر بەردێکی سوور
دەمانچەوقەڵەمی شەلاڵی خوێن
هی خۆی
دا بە تۆ

++
من بۆ خۆم دیم
ماڵ ئاوا، ماڵ ئاوا
هی تۆ
هی ئەو

بێ گریان

ئەو بەبزەی خوێناوی

تۆ بەترووسکەو پڕشنگی چاو

++

من بۆ خۆم بەچاوی خۆم دیم

با کەس باوەڕ نەکا

تۆ بەدستێک تەونی فەڕشت دەکرد

ڕەنگاوڕەنگ، چوار پارچە

بەدەستێک سامسۆن ئاسا

کۆگا، کۆگا خەرمانت سوور دەکرد

هەزاران دەلیلەت

لەزیندانی خەنجەر و سمێڵ

ئازاد دەکرد

++

من بەچاوی خۆم دیم

دارەبەڕووی تێراوی خوێنت

سەر ئەسوێ لەبێنەهایەتی

زەمان و مەکان

++

من خۆم بۆ خۆم گوێم لێیە

جریوەیَ هەزاران زەڕنەقووتە

تامازرۆی پەرواز

لەسەر نەقشی فەڕشەچوار پارچەکەت

بەدەم وودمی  سیاچەمانەوە

ڕووتەڵە

بیَ بەرگ

فێری پەرواز دەبن

دیلان